www.kurdistannet.org
29/01/2002 22:19

# پرسیار

بژار

ئێوه بۆچی نەتان بینی ؟
خۆ من بینیم
مێزەرەکەی مەلا بەشیر لە سەریا بوو
دەمانچەکەی بەر پشتێنی
جەللادەکەی جەمال عیرفان لە دەستیا بوو
کوردایەتی وەك چاویلکەی
بیرە سەوز و زەردەکانی کۆیە و بەرزان لە چاویا بوو
هەرچی فتوای هەڵرژاوی سەر مینبەری مزگەوت هەیە
وەکو لیکی لێك ئالاوی پاروەنانی، لە دەمیا بوو
ئێوە بۆچی نەتان بینی؟
خۆ من بینیم
وەکو تۆوی دەشتی هەولێر، ئاخی ئەچاند بۆ زەمانێك
ئافرەت تیایا بێ پرسی پیاو نەیئەتوانی لێوەکانی بکاتەوە
نەیئەتوانی بە هیچ یەکێك لەو خواستانەی
وەکو لیژنە داری زستان
لەناو دڵیا هەڵچنرابوو، وەڵامی خۆی بداتەوە
خۆ من بینیم
وەك مەرەزەی بەئاو کەوتوی لای سلۆپی
شڵپەی ئەهات لە ئارەقێك کە بۆ دنیای دارماوی دەری ئەدا
وەك بورکانی وەبەرهاتوو،
گڕو پشکۆی بەڕووی ماف و
پێشکەوتن و یاخی بوون و ئازادیدا فڕێ ئەدا
ئێوە بۆچی نەتان بینی؟
خۆ من بینیم
هەندێ شیعری قێزەونی حاجی قادر
گولاڵە بوو لە ئینجانەی یەخەی ئەودا ئەشنایەوە
چی نەریتی دارزیوی خێڵەکییە لە کوردستان،
لەدێبەری مێشکی ئەودا دیسانەوە ئەڕوایەوە
خۆ من بینیم
لە مەیدانی ژن کوشتنا
هەمان ئالای ئەبوبەکر و (ع)ە ینەکانی (ڕاشدین)ی هەڵکردبوو

**له دەریاچەی خوێن ڕشتنا**

**هەمان شیرە ژەنگاوییەکەی**

**(حەجاج)ی سەرپەڕێنەری خەڵکی (کوفغە)ی هەڵگرتبوو**

**ئێوە بۆچی نەتانبینی؟**

**خۆمن بینیم**

**له سوئێدا کڕنۆشی برد**

**بۆ تاریکی سەدەکانی ناوەڕاست و شەوەزەنگی (قوڕەیشی)یەکان**

**بە تەزبێحی مەلا عەلی**

**وێردی ئەخوێند، بۆ سوڵتانی هەمووبیرە گەنیوەکان**

**خۆ من بینیم**

**هەر ئەو کاتە، جووتێ کلاش، تازە هاتوو،**

**له تەوێڵەی ژێر عەگاڵ و تەپلەی ڕەشی جوندول ئیسلام، له پێ یا بوو**

**دوو جامانەی سوور و سپی،**

**ڕەش و سپی بادینان و ناوچەی سۆران لەملیا بوو**

**ئیوە بۆچی نەتان بینی؟**

**خۆ من بینیم**

**دوای قریشکە و تەقە و زرمە، شێخی نەهریی**

**فووی له لوولەی دەمانچەکەی ئەم قەسابەی ژنان دەکرد**

**خۆ من بینیم له (وان)ەوە، له ڤیتاری ( ئۆجەلان)دا،**

**ئەم پێشمەرگەی کوردستانە،**

**پیاو سالاریی بە قاچاغیی بۆ وولاتی (نۆبڵ) دەبرد**

**ئێوە بۆچی نەتان بینی ؟**

**خۆ من بینیم، (فەقێ تەیران)**

**لەناو خەڵکی ستەمدیدەی بادینان دا تفی لێ کرد**

**مەمی ئالان بەئاشکرا**

**دەم و چاوی (سەی قادر)ی**

**لەسەر مەیتی تریفەکە بە نەفرەتی عەشق داگرت**

**ئێوە بۆچی نەتان بینی؟**

**خۆ من بینیم**

**چی سەرکردەی هۆزی کوردە، لەترۆپکی(ئەرجەس)ەوە**

**بە برووسکەی پیرۆزبایی**

**ئەو دڕندە خۆرنەدیوەی چیاکانی (ئارارات)یان داگرتەوە**

**هەرچی هەبوو شێخ و مەلا و بەگ و بۆر و جەنگاوەری کوردایەتی له تورکیادا**

**گڕی دڵیان بە کوژرانی ئەو مەشخەڵە دامردەوە**

**ئێوە بۆچی نەتان بینی؟**

**خۆ من بینیم**

**ئەوەی چووە سەر فاتیمە، باوك نەبوو !**

**خامنەئیی بوو، خالّ خالّی بوو، خاتەمی بوو**

**لەسەر تەرمی خۆری کوژراو، خۆیان وتیان**

**ئەم مەڵبەندی کوفرە ئەوا**

**بە هەڵمەتی دلێرانەی ئێمە تووشی ڕاچەنین بوو**

**ئێوە بۆچی نەتان بینی؟**

**خۆ من بینیم**

**ئەوەی چوە سەر فاتیمە، ئینسان نەبوو**

**وەحشێکی دان کیمیاویی بوو، بەغدا و عۆجەی بەجێ هێشت و**

**بەبەر چاوی گشتتانەوە، ووتی ئۆخەی ئەم جارەشیان**

**لەسای مەرگی ڕاپەڕیوێك، هەردوو دەستم خوێناویی بوو**

★★★ ★★★ ★★★

٢٠٠٢-١-٢٨